# نۆژەنکردنەوەی وەڵامەکان

ئەگەر پێمانوابێت، وەڵامەکانی ئێمە تەواو و دوا دەرکی مرۆڤایەتین، ئەوا خەریکین لە خۆمان بتێك سازدەکەین. مەروەها ئەگەر پێمانوابێت، ئەو سیستەمی ڕێکخستنەی کۆمەڵگە، کە ئێمە خەباتی بۆ دەکەین، دوایین چاوەڕوانی و گەشەیەکە، کە مرۆڤایەتی پێیدەگات، ئەوا دیسانەوە خەریکین پووچگەراییەکی دی لە تەپوتۆزی پۆوچگەراییەکانی دیکە، چێدەکەینەوە. سۆشیالیزم بەهەشتێك نییە لە ئاسمانەکانەوە دایگرین و لە پەڕاوی ئەفسانەکاندا بیدۆزینەوە و مۆدێرنیزەی بکەین، سۆشیالیزم خەونی مرۆڤی زیندووە و بە پراکتیکی شۆڕشگێڕانە کەتواریی دەبێتەوە و سەرکەوتنیشی لە کولتووربووندا دەبێت، بەبێ ئەوە، لە خەیاڵی گۆشەگیرانە و فەنتازی ئایدیالیستانە بەولاوەتر نابێت.

هەژێن

بەشی چوارەم

## جیاوازی مارکسیزم و ئەنارشیزم چییە، چیتان هەیە، کە جیاکەرەوە و جێی شانازیکردن بێت ؟

بەڵێ، بەدڵنیاییەوە ئەگە زی نەبووایە، بەدرێژایی دوو سەدە بیریاران و لایەنگرانی ئەو دوو باڵەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی، دژبەیەك و لە بەرامبەر یەکدیدا نەدەوەستان، هەروەها بەدڵنیاییەوە لە ڕوانگەی بیریاران و لایەنگرانی هەر یەك لەو دوو باڵەوە وەك یەك و هاوتا، جیاوازییەکان نەخراونەتەڕوو. لەبەرئەوە من وەك لایەنگری هزری ئەنارکی، ئەو جیاوازییانە دەخەمەڕوو، کە بۆ من باسکردنیان پێویست و یەکلاکەرەوەیە، بەڵام لەبەرئەوەی کە هەژمارکردنی جیاوازییەکان لە ڕوانگەی ئەنارکییەوە زۆرن و لێرەدا ناکرێت بەدرێژی لەسەریان بدوێم، ناچار بە کورتی، سەرخەتی جیاوازییە سەرەکی و هەرە دیارەکان بخەمەڕوو. ئەم مەبەستە هەوڵ دەم لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا جیاوازییەکان نیشانبدەم، چونکە ئەگەر بچمە وردەکارییەوە، ئەوا وردەکاریی جیاوازییەکان لە تێڕوانین و کردد دا بەچەندین پەتووك تەواو نابن و کارێکی ئاوا، کاری تەنیا کەسێك نییە و لە توانای من بەدەرە، سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی بە خەیاڵمدابێت و تا ئێستاکە دەرکمکردبێت، ئەمەی خوارەوە پوختەکەیەتی:

مارکسیستەکان، بوونی پارت و ڕابەریی دەستەبژێری ڕامیاریی بە مەرجی شۆڕشگێڕبوونی بزووتنەوەکان دەزانن و لەسەر ئەو بنەمایە، ئەوان مێشکی پرۆڵیتاریا پێکدەهێنن و ڕێکخستنی ئابووریی و جەماوەریی چین و توێژە پرۆڵیتێرییەکان دەکەنە ملکەچی پارتی پێشڕەو و سەرکەوتنی ڕاپەڕین و خەبات و گەیشتن بە سۆشیالیزم بەبوونی ئەو دەزگە بیروکراسییە خواوەندییەوە دەبەستنەوە.

لە بەرامبەردا ئەنارکیستەکان خەباتی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بە تاقە مەیدانی خەباتی سۆشیالیستی دەزانن و ڕێکخستنە ئابووریی و جەماوەرییەکان بە تاقە سەنگەری خەباتی چینایەتی چین و توێژە پرۆڵیتێرییەکان دژی سەروەریی چینایەتی بۆرجوازی دەزانن. لەسەر ئەم بنەمایە، هەم دەستەبژێری پێشڕەو و مێشکی بیرکەرەوە لە جیاتی پرۆڵیتاریا ڕەتدەکەنەوە و هەم ڕۆڵی خۆسەپێنەرانەی تاك بەسەر بزووتنەوەکدا ڕەتدەکەنەوە و مەم دژایەتی باڵا و پایینی ڕێکخستن دەکەن. لەمەش واوەتر، ڕێکخراوە ئابووریی و ماوەرییەکان هەر بەتەنیا بە ئامرازی بەدەستهێنانی داخوازییە دەستبەجێکان یا سەرخستنی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ان نازانن، بەڵکو وەك فێرگەی تاکی هوشیار و پێشینەی هەرەوەزییەکانی کۆمەڵگەی داهاتوو [سۆشیالیستی/ئەنارکی]شیان لەبەرچاویاندەگرن. ەوە هەموو سەرکردایەتی و ڕابەرایەتییەکی تاکەکەسیی یا خوایی دەستەبژێرە دەسەڵاتخوازەکان ڕەتدەکەنەوە، هەڵبەتە گرفتەکە هەر بەو ڕەتکردنەوە کۆتایی نایێت، بەڵکو پێویستی بە ڕەتکردنەوەی ڕێکخستنی قووچکەیی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و گروپە خۆجییەکانیش هەیە، واتە لەنێوبردنی میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانەوەی هەلپەرستی و دەسەڵاتخوازیی و بیروکراسی و خۆسەپاندن، کە پارت و ڕابەر و سەنیدیکای زەرد لەسەر یان دادەمەزرێن.

مارکسیستەکان، شۆڕش بە سەرکەوتنی ڕاپەڕین و بەدەسەڵاتگەیشتنی پارتی پێشڕەو و گەیشتن بە دەسەڵاتی ڕامیاریی دەزانن،

بۆ نموونە کە دەڵێن شۆڕش لە ڕوسیە، بەدیاریکراویی مەبەستییان لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ١٩١٧یە، کە تێیدا بۆلشەڤیکەکان وەك دەستەبژێرێکی ڕامیارپیشە لە نائامادەیی هوشیاریی و کەم دەرکی شۆڕشگێرانەی چین و توێژە پرۆلیتێرەکاندا بەدەسەڵاتی ڕامیاریی گەیشتن. تیدا کەتوار و ئەو دیوی دیوە شێوێنراوەکەی ڕووداوەکان، وێنایەکی دیکەی جیاواز لەوەی بۆلشەڤیکەکان و پاشڕەوانیان پاگەندەی دەکەن، لە ڕۆژەدا بۆ شۆڕش بەرجەستەدەکات، بە واتایەکی دیکە ئەو گۆڕان و زەمینەلەبارییەی ڕوسیە بۆ ڕاپەڕین لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، بەرهەمی چەند سەدە ستەمگەریی ئیمپراتۆریی تزارەکان و چەندین دەهە خەبات و خۆڕێکخستنی کرێکاران و جوتیاران و مانگرتنە پەیتا پەیتاکان و ئەزموونگیریی لە شکستی ڕاپەڕینی ١٩٠٥ بەرەنگاریی و یاخیبوونی جەماوەریی جوتیاران و کرێکاران و سەربازان بوو، نەك بانگەوازی ڕامیارپیشە بۆلشەڤیکەکان لە هەندەرانەوە و پلانرێژیی ئەوان بۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکان.

ئەنارکییەکان، بەلایەنیکەمەوە من و کەسانی هاوبۆچوونی من، شۆڕش بە پرۆسێسێکی مێژوویی بەردەوام و ئاڵوگۆڕ لە هوشیاریی و مێنتالیتی و بیرکردنەوە و تێڕامان و شێوەژیان و کولتوور و ڕۆشنبیریی مرۆڤدا دەزانن/ ەزانین، کە لەسەر بنەمای ئەو ئاڵوگۆڕانە و پەرەسەندنی خەباتی ڕۆژانە و جێکەوتەبوونی ژیانی نابۆرجوازیی وەك ئەلتەرناتیڤ و شکانەوەی هاوسەنگی هێز بەلای شۆڕشگێران و ڕوخاندنی یەکجارەکی سیستەم و سەروەریی چینایەتیدا دێتەدی.

لای مارکسیستەکان، خەباتی ڕۆژانەی چین و توێژە پرۆلیتێرەکان بۆ گۆڕینی ڕێوشوێنی ئابووریی و کۆمەڵایەتییان، بریتییە لە ڕیفۆرم ـودی ڕیفۆرمکردنی سیستەمی چینایەتی و دەسەڵاتی ڕامیاریی بە پۆزەتیڤ دەنرخێنن، بەواتایەکی دیکە خەباتی ڕۆژانەی چینایەتی لەچاو هەوڵی ڕامیارییانەی پارتە پێشرەوەکانیان، بە کەم دەگرن.

بەڵام لای ئەنارکیستەکان، خەباتی ڕۆژانەی چین و توێژە پرۆلیتێرییەکان، بریتی نییە لە ڕیفۆرم و واوەتر لەوەش بە هەنگاوە ڕۆژانەیی و هەر ساتییەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەزانن و لەسەر ئەو بنەمایەی کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی کارکردی هوشیارانەی ـودی چەوساوانە، بەو هۆیەوە خەباتی ڕۆژانە بە تاقە سەنگەر و خەباتی ڕەوا دەبینن و دەناسن. بەڵام هیچ کات ڕێگە بەو خۆشباوەڕییە نادەن، لەنێو چەوساواندا تەشەنەبکات، کە ڕیفۆرمکردنی دەسەڵات و چەنەبازیی نێو پارلەمانەکان لە بەرژەوەندی چەوساواندا بێت.

مارکسیستەکان، شێوەیەك کە بۆ ڕێکخستنی ئابووریی و جەماوەریی پێشنیاردەکەن یا دەستی بۆ دەبەن، هەم نێوەندگەراییە و هەم قوچکەییە، واتە لەسەرەوە بڕیارەکان دەدرێن و خۆیان واتەنی ڕابەران [کۆمونیستەکان] ـەرژەوەندەی هەموو چینەکە باشتر دەزانن. وەها ڕێکخستنێك چ لەو باڵەیدا کە سۆشیال-دیمۆکراتەکان کردیانە بەشێك لە دەوڵەتی بۆرجوازی و چ ئەو جۆرەی کە بۆلشەڤیکەکان کردیانە داردەستی دەوڵەتەکەیان، هەمان ڕێکخستن و پێکهاتەی قوچکەیی ؛ باڵا و پایینی هەیە. لەو ڕێکخراوانەدا بڕیاری مانگرتن و چالاکی و بەشداریکردن و نەکردن و هەڵویستوەرگرتن و هاوپشتیکردن و کاری هاوبەش، لە سەرەوە دەدرێت و مێشکی گەورە [ڕابەران] دەیدەن. هەر لەبەر ئەو هاندەرە نێوەندگەراییە بوو، بۆلشەڤیکەکان توانانی بەرگەگرتنی مانەوە و درێژەی ی سۆڤییەتەکانیان نەبوو و لە ساڵی ١٩١٨ ،دواوە سۆڤیەتەکان پەراوێزخران و پووکێنرانەوە، چالاکانیان یا ناچار بە گوێرایەڵیی پارتییانە کران یا دوورخرانەوە و خرانە ژێر کاری زۆرەملێ و تۆمەتبارکردنیان بە دوژمنی شۆڕش و بەکرێگیراوی لەشکری سپی. ـەداخەوە کۆمونیستەکانی خۆرهەڵاتی ناوین لە گەڕان و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی لاکەوتەیی و پەراوێخران و چەککردنی سۆڤییەتەکان، دەسەپاچە و کلۆڵن یا نادرەبەستن و بە لێکدانەوە و پێوەری ئایدیۆلۆجیکی پاساوی سەرکوتگەریی و بیرۆکراسیی و نایەکسانی و نادادوەریی و پارتپاشایی و دار ـ دەوڵەتی و کاریکرێگرتە و هەبوونی سزای سێدارە و کاری زۆرەملێ و دەزگەی سیخوڕیی و سەرووخەڵکیی و زیندان، دەدەنەوە.

لای ئەنارکیستەکان، لەسەر ئەو بنەمایەی بڕاوایان بەوە هەیە، کە "ڕزگاری کرێکاران بەرەنجامی خەباتی خودی خۆیانە" هەم ڕێکخستن ئاسۆیی و نانێوەندگەرایە و هەم ڕێکخراوە و بەشەکانی ڕێکخستنی هەر کارخانەیەك و پیشەیەك و گەڕەك و شوێنێك، سەربەخۆیی خۆیان لە بڕیاردان و چالاکیکردن و هاوپشتیکردندا هەیە، بێجگە لەوەش، مانگرتنی کتوپڕ و نایاسایی و مانگرتنی ـتی، شێوازی ناسراو و ڕێسایی [ترادیسیۆنی] خەباتی ڕاستەوخۆی سەندیکا و ڕێکخراوە جەماوەرییە شۆڕشگێڕەکانە و

کۆبوونەوەی گشتی بەردی بناخەی هەر چالاکی و بڕیاردانێکە.

مارکسیستەکان، پێداگریی لەسەر پێویستبوونی دەوڵەت دەکەن و سەروەریخوازن، لە بەرامبەردا ئەنارکیستەکان، دەوڵەت بە ئامرازی چینایەتی و پێداویستی هێشتنەوە و پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگەی چینایەتی دەزانن، لەبەرئەوە دژی هەموو دەوڵەتێکن بەناوی کرێکاران و سۆشیالیزمەوە، چونکە لەو بڕوایەدان، کە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی / ئەنارکی، کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتیی و نادەوڵەتییە و تێیدا چینێك بۆ سەروەریی نامنێتەوە، چ کرێکاران بەدیاریکراوی و چ پرۆڵیتاریا بەگشتی.

لای مارکسیستەکان، وابەستەیی و پاشڕەویی ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەیی و ئابوورییەکان بۆ پارتی پێشڕەو، مەرجی کاری سەرتاسەریی و کاراییانە، بۆ ئەو مەبەستە هەردەم بە خۆتێهەڵقورتاندن و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەندامانی باڵا و گوێڕایەڵی پارت لە کاروباری ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا، ڕێکخراوەکان دەکەنە گیرفان و لاورگی پارت یا داردەستی پارت و وەك ڕۆبۆت بەڵیاندەسووڕێنن، لەم بارەوە چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی نێوخۆیی هەرێمی کوردستان بینەری چەندین ئەزموونی تێکشکێنراوین، لەم بارەوە باشترین و نزیکترین نموونەگەلی ناسراو لە هەرێمەدا "یەکێتی بێکاران لە کوردستان "، "ڕێکخراوی سەربەخۆی ژنان" و "ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی خوێندکاران" و ڕێکخراو و سەندیکاکانی دیکەی کرێکاران و کارمەندانن، کە بە دەستتێوەردان و پاشکۆکردن و پیلانگێریی کۆمونیستە کرێکارییەکانی هەرێم، وەك دبارییەك بۆ بۆرجوازی، لەنێوەوەڕا کرمۆڵ و تێکشکێنران و دەرگەی بنکەیان لەلایەن کەسانی خۆبەڕابەرزانەوە قوفڵدرا.

لای ئەنارکیستەکان و هاریکاریی چینایەتی ڕێکخراوە ئابووریی و جەماوەرییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە سەرتاسەرییەکاندا لەسەر بنەمای سەربەخۆیی [ئۆتۆنۆمی] ڕێکخراوە ئەندامەکان و هاوپشتی بەردەوام و ئازادی بەشداریکردن و نەکردنی چالاکییەك، پێکدێت. ، سەربەخۆیی خۆجێی و هەستی هاودەردی و پێداویستی هاوپشتی سەرتاسەریی، جێگەی ملکەچی بۆ نێوەندگەرایی و فەرمانبردن بۆ سەروەریی سەرانی پارت و سەندیکا قووکەییەکان، دەگرێتەوە.

مارکسیستەکان، لەسەر بنەمای باوەڕبوونیان بە پێداویستی دەوڵەت بەناوی کرێکارانەوە، سامان و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و کەرتە پیشەسازیی و کشتوکاڵییەکان و داهاتی کۆمەڵگە دەوڵەتیی دەکەنەوە، لەبەرئەوە دەستەوداوێنی بەرنامەڕێژیی نێوەندییانەی ئابووری و بەرهەمهێنان و دابەشکردن دەبنەوە و دواجار بخوازن یا نا، خۆبەخۆ ئەو کارە بە دەستەبژێرێکی بەرتەریدار و بڕیاردەر لە سەرووی کۆمەڵگەوە دەسپێرن و هەر بەرهەڵستییەك لە بەرامبەر نەرێنییەکانی ئەو بەرنامەڕێژییەدا، بە هەوڵ و پیلانی دژە-شۆڕش تۆمەتباردەکەن و بە هەمان دەردی ئایدیۆلۆجیاگەریی، پاساوی نەرێنییەکان دەدەنەوە و لەو پێناوەشدا پێشتر سەرکوتێکی ڕێکخراو بەناوی "دیکتاتۆری پرۆڵیتاریا" ئامادەی بەرگرتن بە هەموو ناڕەزایەتییەکی بەرهەمهێنەران و خوازیارانی خۆڕێکخستن و خۆدابەشکردنی بەرهەمەکانیان دەکەن. م بارەوە نموونەی زیندووی مێژوویمان لەبەردەستە، کاتێك کە کۆمونیستە شوراییەکان لە کرۆنشتات دژی بەرنامەڕێژیی ئابووریی و یاسا ڕامیارییەکانی دەوڵەتی بۆلشەڤیکی بوونەوە و خوازیاری کۆنترۆڵی کرێکاریی و شورایی بوون، یا لە ئۆکرانیا ئەنارکیستەکان [هەرەوەزییە پیشەسازیی و کشتکارییەکان] ویستیان لـ ، دەرەوەی ڕانامەی نێوەندسەپێنراوی بۆلشەڤیکەکان و سەرکوتگەرییەکانی لەشکری سوور و لە (سان پیتەرسبۆرگ) کرێکاران بە پێداگریی لەسەر کۆنترۆڵی کۆمیتەکانی کارخانە و خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاری پێداگریانکرد، کرێملین فەرمانی بە لەشکری سوور و دیکتاتۆریی پارتیان لە اوی پرۆلیتارایاوە، خستەگەڕ و کوشتوبڕێکیان بەڕێخست، کە هێشتا لەشکری سپی ئەنجامینەدابوو.

لە بەرامبەردا ئەنارکیستەکان، پێداگریی لەسەر نانێوەندیی [خۆجێی و سەربەخۆیی] خۆبەڕێوەبەرایەتی و بڕیاردان لەلایەن هەرەوەزییە ئازادەکان یا ناوچە و هەرێمە ئازادە پێکهاتووەکان لە یەکگرتنی فیدراڵییانەی هەرەوەزەییەکان، دەکەن، کە لەوێدا ئازادی تاك لە هەرەوەزییەکان و ئازادی هەرەوەزیی و کۆمیونیتییەکان لە یەکگرتنی فیدراڵییانەی ناوچە و هەرێمەکاندا، بناخەی خۆبەڕێوەبەرایەتی و خۆبڕیاردانن، بەو جۆرە نە نێوەندی بڕیاردان و نە نێوەندی بەرنامەڕێژیی لە ئارادا نابن، ئەوی هەیە و دیاریکەری ڕەوایەتی کارەکانە، پێداویستیی ژیانی تاك و هەرەوەزییەکان و وەڵامدانەوەیەتی بە یەکێتی ئازادانەی ناوچە و هەرێمەکان. بە واتایەکی دیکە، لای مارکسیستەکان یا لە ئەڵتەرناتیڤی ئەواندا تاك و هەرەوەزیی و شوراکان ملکەچی سەرەوەی خۆیان

[ سەڵاتداران] ، و ژیان و داهاتووی کۆمەڵگە، حەز و ئاوەزی چەند کەسێك دیاریدەکەن. بەڵام لای ئەنارکیستەکان، ئەوە ئازادی تاك و هەرەوەزییەکان و پێداویستییەکانی ژیانی کۆمیونیتییەکان و وەڵامدانەوە بە هاوپشتی و یەکێتی ئازادن، کە دروستی و ڕەوایەتی بە بڕیارەکان دەدەن.

ارکسیستەکان، لەسەر بنەمای نێوەندگەرایی دەسەڵات و بەرنامەڕێژیی ئابووریی و یاساکان، بەڕێوەبەرایەتی سەرووخەڵکیی پارت و پاشڕەوانی، سۆشیالیزمی دەوڵەتی لەسەر مۆدێلی کەرتی پیشەسازیی و کشتوکالیی دەوڵەتیی بە زۆرەملێیی بەسەر کرێکاران و جوتیاران و ئەندامانی کۆمیونیتییەکاندا دەسەپێنن و تەنانەت نموونەسازی کولتووری لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی ئەندامانی
ارت و دەسەڵات دەکەن و هونەر و ئەدەب و ئارەزووەکانی تاك لە قاڵبدەدەن. باشترین نموونەش کارکردی بۆلشەڤیکەکان بوو، کە خەڵکیان ناچار بە بەشداری و لە هەرەوەزییە دەوڵەتەییە سەپێنراوەکاندا دەکرد. ئەگەر کەسێك ملی بەو پرۆژەیە نەدابایە، ئەوا دوورخرانەوە و کاری زۆرملێی و مردن لە سیبریا چاوەڕێی دەکرد.

ستەکان، بەپێچەوانەوە، لەسەر بنەمای نانێوەندییبوونی [ئۆتۆنۆمبوونی] هەرەوەزییەکان ئازادی تاك لە بەشداریکردن و نەکردن لە هەرەوەزییەکاندا، هەروەزییەکان ئارەزوومەندانە وەك دەستپێشخەریی خۆبەخشانەی کۆمەڵایەتی، نەت لەباری لاوازی تاکە بەشدارینەکردووەکاندا، هاوپشتیی مرۆیی لەتەکیاندا دەکەن و کۆمەکی کۆمەڵایەتی و هاوپشتیی ئازادانە، بەردی بناخەی پێکهێنانی هەرەوەزییە کۆمەڵایەتییەکانە، باشترین نموونە لەم بارەوە، ئەو هەرێمانەی ئیسپانیان، کە ەسەر بنەمای بۆچوونە ئەنارکییەکان ڕێکدەخران، لەوانە بە دیاریکراوی هەرێمی'کەتەلۆنیا'ی ئیسپانیا لە جەنگی نێوخۆیی ١٩٣٦-١٩٣٩، کە نەك تەنیا لە ڕووی ئازادی و ئابوورییەوە مەترسی بوون بۆ سەر دەسەڵاتی فرانکۆییەکان و کۆمارییەکان، تەنانەت مەترسیش بوون بۆ سەر مۆدیلی بۆلشەڤیکی سۆشیالیزم [ دەوڵەتی بەناو سۆشیالیستی]. بۆ تێگەیشتن لەمە، پێویستە لە نێوان هەنگاوە کردەییەکانی بۆلشەڤیکەکان ١٩١٧ – ١٩٨٩ ی ڕوسیە لەتەك ئەنارکییەکان ١٩٣٦ – ١٩٣٩ ئیسپانیا و سەرەنجامەکانیان، بەراوردبکرێت.

## هەڵوێستی ئێوە بەرامبەر ئایین و کەلچەر چییە و چۆنە ؟

ئایین و کولتوور، خودی ئایین بەشێکە لە کولتوور، بەڵام بەشی نەگۆڕ و کۆنەپارێزی کولتوور. بەپێچەوانەوە بەشەکانی دیکەی کولتوور، هەردەم لە گۆڕاندان و ەوەی لەم ڕۆژەدا کولتووری جێکەوتەیە، ڕۆژگارێك بوونی نەبووە. گۆڕانی کولتوور بۆ کەسانێك کە لەنێویدا دەژین، وەك سوڕانەوەی زەوی لە دەوری خۆر وایە، کە کەمتر یا هەر هەستی پێناکەن. ەڵام بۆ کەسانێك کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەوە تێیدەوانن، ئەو گۆڕانە هێواشە زۆر بە ئاشکرا دەبینن و باشترین نموونەش شۆکی تاکی کۆچەرە لە دەمی گەڕانەوەیدا بۆ نێو بازنە کولتوورییەکەی، کە پێشتر تێیدا ژیاوە و بەڕادەیەك جۆرێکی دیکە بووە، کە خودی تاکی کۆچەر بەراورد بە کۆمەڵگەی بەجێهێڵراو لە مانەوەی یا پاراستنی بەها کولتوورییەکانیدا کۆنەپارێزتر ماوەتەوە.

ەوەی هەڵوێستی ئەنارکیستان بەرامبەر کولتوور چۆنە و پێویستە چۆن بێت، پەیوەندی بە ڕۆڵی کولتوور و هێز و دەسەڵاتی کولتوورەوە هەیە. هەڵبەتە ئەو کەسانەی کە ڕواڵەتییانە لە کولتوور دەڕوانن و ڕۆڵی کولتوور ـە گۆڕانی شۆڕشگێڕانەدا کەم دەکرن، تێگەیشتنیان لە کولتوور هەڵە و لنگاوقوجە.

ەگەر بێت و ناچاربین پێناسەیەك بۆ کولتوور ـکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین کولتوور بۆردی (نەخشەڕێژی) ـەسایەتی تاك و کۆمەڵگە پێکدەهێنێت و هەموو کات مۆری خۆی لە ڕەفتار و شێوازی بیرکردنەوە و ئاوەزی تاکەکان دەدات. هەڵبەتە ناکرێت ئەوەمان لەبیربچێت، کە مرۆڤ لە لەدایکبووندا بێکولتوورە و ئەوە دەزگە و نێوەندە کۆمەڵایەتییەکان (خێزان، پەرەستگە، فێرگە، شوێنی کار)ن، کە دەیکەنە بوونەوەرێکی خاوەن کولتوور. بۆ نموونە مرۆڤێك کە لە هەندەران لەدایك و پەوەروەردە دەبێت، کولتوور ی لە کولتوور کۆمەڵگەی لێوەهاتوو ـ چێت یا ئەو مند ـەی کە لە دەرەوەی خێزان و کۆمەڵگەکەیان وەك منداڵی بەخێوکراو دەگیردرێنەخۆ، دەبنە هەڵگری کولتووری شوێنی گەورەبوون و پەروەردەبوونیان.

ۆچوونی من لە کۆمەڵگەدا لە دەرەوەی کولتوور، کەسایەتی و دەسەڵات بوونی نییە و نابێت. دەکرێت تۆ کولتوورێکی دیکەت هەبێت، بەڵام بێجگە لە منداڵی ساوا، کەسی بێکولتوور بوونی نییە، هەروەك چۆن کەسی بێڕوشت بوونی نییە و بەجۆرێك لە جۆرەکان هەموو تاکێك هەڵگری کولتوور و ڕەوشتێکە. لەبەرئەوە بە هەر جۆرێك دژایەتی کولتوورێك یا ڕەوشتێك بکەیت، دەکاتە ئەوەی کە هەڵگری کولتوور یا ڕ وشتێکی دیکەیت، بەڵام لەو دووانە خاڵی نابیت. داخەوە لەژێر کاریی بیرکردنەوەیەك کە ئامانجی سڕینەوەی بەرامبەرەکەیەتی، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دوو واژەی نادروست جێکەوتە بوون؛ بێفەرمەنگ [بێکولتوور] و بێڕەوشت. ئەو کاتەی کەسێك کە لە بەشێکی کولتوور زاڵ یا ڕەوشتی با دەدات، خاڵی نییە لە کولتوور و ڕەوشت، بەڵکو بەراورد بە کولتوور و ڕەشتی ڕەوابینراو و پەسەنکراو، خراپ یا بەد-کولتوور و بەدڕەوشتە، بەڵام هەرگیز بێکولتوور و بێڕەوشت نییە و نابێت.

روەها هیچ دەسەڵاتێك بەبێ پشتیوانی دەسەڵاتی کولتووری بوونی نییە و توانای خۆگرتنی نییە، هەر لەبەرئەوەیە، کە سەڵاتداران بۆ مانەوە و خۆپاراستن و کۆمەڵایەتیبوونەوەی دەسەڵات و ڕامیارییان، هانا بۆ پشتیوانەی کولتووریی دەبەن. لەبەر دوو هۆ: یەکەم هێزی کولتوور بە سروشت کۆنەپارێزە و دووەم، بەبێ پایەی کولتووری و پێکهاتەی قوچکەیی کولتووریی، سیستەمی قوچکەیی توانای کۆمەڵایەتیمانەوەی نییە. لەبەرئەوە، ئەوی بخوازێت، سیستەمی ژیان و بەڕێوەبەرایەتی و مێنتاڵیتی تاك و کۆمەڵ بگۆڕێت، پێویستە کار لەسەر گۆڕینی بنەما و یەکەی کولتووریی لەو بوارانەدا بکات، واتە هێزی دژەتەوژم لە کایە کولتووریەکاندا بۆ بەرەنگاری و لەنێوبردنی سیستەمی کۆن و پێکهاتەی کۆمەڵگەی چینایەتی، بەواتای پووچکردنەوەی بنەما کولتووریەکانی خوا- دوڵەت-پارلەمان. ئەمەش کاتێك مەیسەر دەبێت، کە ژیان و کۆمەڵگەی نوێ، بووبێتە بەشێك لە کولتووری تاکە گۆڕانخوازەکان لە خەباتی ڕۆژانە و بەرەنگاریی هەر ڕۆژەدا. کاتێك کە هاوسەنگی هێز لەنێوان ڕێسای کولتووری جێکەوتوو و تەوژمی کولتووری نوێدا، بەلای شۆڕشدا دەشکێتەوە. بەتە پەیوەندی نێوان کاریی تاك لەسەر کۆمەڵ و کاریی کۆمەڵ لەسەر تاك، کاریی گۆڕانی ئابووریی لەسەر هوشیاری تاك و کاریی هوشیاریی تاك لەسەر بنەما کولتووریەکان، زۆر دژوار و ئاڵۆزن و هەندێك جار وەك ئەو مەتەڵەی لێدێت، کە "هێلکە لە مریشکە یا مریشك لە هێلکەیە". بەڵام یەك شت نکۆڵیهەڵنەگر و سەلمێندراوە، ئەویش ئەوەیە، کە هیچ گۆڕانێکی پۆزەتیف یا لاوازکردنێکی دەسەڵات و سەروەریی بێ گۆڕان و لاوازبوونی پایە کولتووریەکانیان ڕووینەداوە و هەروا هیچ گۆڕانێکی کولتووریش بەبێ گۆڕانی ژێرخان و پێگە ئابووریەکان، هەرگیز ناتوانێت ڕووبدات.

لەبەرئەوە، هەموو گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانە، گۆڕانێکی فرە-ڕەهەند دەبێت و یەکێك لە ڕەهەندەکانی، ڕەهەندی کولتووریی زووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و تێڕانینی شۆڕشگێڕانەیە. ە وەها گۆڕانێك، داخوازیی گۆڕانی یەکە وردەکانی کولتوورمان لێدەکات، کە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی تاك و ڕێکوتنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵدا بەرجەستەدەبن و زۆر جار بۆ ڕامیارییشە خۆ بە شۆڕشگێڕزانەکان، شتی لاوەکین یا بە "ڕەخنەی مۆڕاڵیی پێ لە ئاسمان" ناوبراون.

**************************************************************

وەی بەشی یەکەم، کرتە لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە

بەشی یەکەم : http://wp.me/ppHbY-HN

بەشی دووەم : http://wp.me/ppHbY-HY

بەشی سێیەم : http://wp.me/ppHbY-If

nojenkirdnewey wellamekan

> Eger pêmanwabêt, wellamekanî ême tewaw û dwa derkî mrovayetîn, ewa xerîkîn le xoman btêk sazdekeyn. Herweha eger pêmanwabêt, ew sîstemî rêkxistney komellge, ke ême xebatî bo dekeyn, dwayîn çawerrwanî û geşeyeke, ke mrovayetî pêydegat, ewa dîsanewe xerîkîn pûçgerayyekî dî le teputozî powçgerayyekanî dîke, çêdekeynewe. Soşyalîzm beheştêk nîye le asmanekanewe daygrîn û le perrawî efsanekanda bîdozînewe û modêrnîzey bkeyn, soşyalîzm xewnî mrovî zînduwe û be praktîkî şorrşigêrrane ketwarîy debêtewe û serkewtinîşî le kultûrbûyinda debêt, bebê ewe, le xeyallî goşegîrane û fentazî aydyalîstane bewlawetir nabêt.
>
> Hejên

Beşî çwarem

## Cyawazî markisîzm û enarşîzm çîye, çîtan heye, ke cyakerewe û cêy şanazîkirdin bêt ?

Bellî, bedillnyayyewe eger cyawazî nebuwaye, bedrêjayî dû sede bîryaran û layengranî ew dû balley bzûtnewey soşyalîstî, dijbeyek û le beramber yekdîda nedewestan, herweha bedillnyayyewe le rwangey bîryaran û layengranî her yek lew dû ballewe wek yek û hawta, cyawazîyekan nexrawneterrû. Leberewe min wek layengirî hizrî enarkî, ew cyawazîyane dexemerrû, ke bo min baskirdinyan pêwîst û yeklakereweye, bellam leberewey ke hejmarkirdnî cyawazîyekan le rwangey enarkîyewe zorn û lêreda nakrêt bedrêjî leseryan bidwêm, naçar be kurtî, serxetî cyawazîye serekî û here dyarekan bxemerrû. Bo em mebeste hewilldedem le çend xallêkî serekîda cyawazîyekan nîşanbdem, çunke eger biçme wirdekarîyewe, ewa wirdekarîy cyawazîyekan le têrrwanîn û kirddarda beçendîn petûk tewaw nabin û karêkî awa, karî tenya kesêk nîye û le twanay min bedere, sererray eweş, ewey be xeyallimdabêt û ta êstake derkimkirdbêt, emey xwarewe puxtekeyetî:

Markisîstekan, bûnî part û raberîy destebjêrî ramyarîy be mercî şorrşigêrrbûnî bzûtnewekan dezanin û leser ew bnemaye, ewan mêşkî prrollîtarya pêkdehênin û rêkxistinî abûrîy û cemawerîy çîn û twêje prolîtêrîyekan dekene milkeçî partî pêşrrew û serkewtinî raperrîn û xebat û geyîştin be soşyalîzm bebûnî ew dezge bîrukrasîye xwawendîyewe debestnewe.

Le beramberda enarkîstekan xebatî abûrîy û komellayetî be taqe meydanî xebatî soşyalîstî dezanin û rêkxistne abûrîy û cemawerîyekan be taqe sengerî xebatî çînayetî çîn û twêje prrollîtêrîyekan dijî serwerîy çînayetî borcwazî dezanin. Leser em bnemaye, hem destebjêrî pêşrrew û mêşkî bîrkerewe le cyatî prrollîtarya retdekenewe û hem rollî xosepêneraney tak beser bzûtnewekda retdekenewe û hem djayetî balla û payînî rêkxistin deken. Lemeş wawetir, rêkixrawe abûrîy û cemawerîyekan her betenya be amrazî bedestihênanî daxwazîye destbecêkan ya serxistinî raperrînî şorrşigêrraney çewsawan nazanin, bellku wek fêrgey takî huşyar û pêşîney herewezîyekanî komellgey dahatû [soşyalîstî/ enarkî]şyan leberçawyandegrin. Leberewe hemû serkirdayetî û raberayetîyekî takekesîy ya xwayî destebjêre desellatixwazekan retdekenewe, hellbete grifteke her bew retkirdnewe kotayî nayêt, bellku pêwîstî be retkirdnewey rêkxistinî qûçkeyî rêkixrawe cemawerîyekan û grupe xocîyekanîş heye, wate lenêwbirdnî mîkanîzmekanî berhemhênanewey helpersitî û desellatixwazîy û bîrukrasî û xosepandin, ke

part û raber û senîdîkay zerd leser yan dademezrên.

Markisîstekan, şorrş be serkewtinî raperrîn û bedesellatgeyîştinî partî pêşrrew û geyîştin be desellatî ramyarîy dezanin, bo nmûne ke dellên şorrş le rusye, bedyarîkrawîy mebestîyan le raperrînî oktoberî 1917ye, ke têyda bolşevîkekan wek destebjêrêkî ramyarpîşe le naamadeyî huşyarîy û kem derkî şorrşigêraney çîn û twêje prrollîtêrekanda bedesellatî ramyarîy geyîştin. Le rastîda ketwar û ew dîwî dîwe şêwênrawekey rûdawekan, wênayekî dîkey cyawaz lewey bolşevîkekan û paşrrewanyan pagendey deken, le em rojeda bo şorrş bercestedekat, be watayekî dîke ew gorran û zemînelebarîyey rusye bo raperrîn le cengî cîhanî yekemda, berhemî çend sede stemgerîy împratorîy tzarekan û çendîn dehe xebat û xorrêkxistinî krêkaran û cutyaran û mangirtne peyta peytakan û ezmûngîrîy le şkistî raperrînî 1905 û berengarîy û yaxîbûnî cemawerîy cutyaran û krêkaran û serbazan bû, nek bangewazî ramyarpîşe bolşevîkekan le henderanewe û planrrêjîy ewan bo serhelldanî raperrînekan.

Enarkîyekan, belayenîkemewe min û kesanî hawboçûnî min, şorrş be prosêsêkî mêjûîy berdewam û allugorr le huşyarîy û mêntalîtî û bîrkirdnewe û têrraman û şêwejyan û kultûr û roşnibîrîy mrovda dezanin/ dezanîn, ke leser bnemay ew allugorrane û peresendinî xebatî rojane û cêkewtebûnî jyanî naborcwazîy wek elternatîv û şkanewey hawsengî hêz belay şorrşigêran û ruxandinî yekcarekî sîstem û serwerîy çînayetîda dêtedî.

Lay markisîstekan, xebatî rojaney çîn û twêje prrollîtêrekan bo gorrînî rêwşiwênî abûrîy û komellayetîyan, brîtîye le rîform û xudî rîforimkirdnî sîstemî çînayetî û desellatî ramyarîy be pozetîv denrixênin, bewatayekî dîke xebatî rojaney çînayetî leçaw hewllî ramyarîyaney parte pêşrewekanyan, be kem degrin.

Bellam lay enarkîstekan, xebatî rojaney çîn û twêje prrollîtêrîyekan, brîtî nîye le rîform û wawetir leweş be hengawe rojaneyî û her satîyekanî şorrşî komellayetî dezanin û leser ew bnemayey ke şorrşî komellayetî karkirdî huşyaraney xudî çewsawane, bew hoyewe xebatî rojane be taqe senger û xebatî rewa debînin û denasn. Bellam hîç kat rêge bew xoşbawerrîye naden, lenêw çewsawanda teşenebkat, ke rîforimkirdnî desellat û çenebazîy nêw parlemanekan le berjewendî çewsawanda bêt.

Markisîstekan, şêweyek ke bo rêkxistinî abûrîy û cemawerîy pêşnyardeken ya destî bo deben, hem nêwendgerayye û hem quçkeyye, wate leserewe birryarekan dedrên û xoyan watenî raberan [komunîstekan] berjewendey hemû çîneke baştir dezanin. Weha rêkxistinêk çi lew balleyda ke soşyal-dêmokratekan kirdyane beşêk le dewlletî borcwazî û çi ew corey ke bolşevîkekan kirdyane dardestî dewlletekeyan, heman rêkxistin û pêkhatey quçkeyî û balla û payînî heye. Lew rêkixrawaneda birryarî mangirtin û çalakî û beşdarîkirdin û nekirdin û helluyistwergirtin û hawpiştîkirdin û karî hawbeş, le serewe dedrêt û mêşkî gewre [raberan] deyden. Her leber ew handere nêwendgerayye bû, bolşevîkekan twananî bergegirtnî manewe û drêjey karî sovîyetekanyan nebû û le sallî 1918 bedwawe sovyetekan perawêzixran û pûkênranewe, çalakanyan ya naçar be gwêrayellîy partîyane kran ya dûrixranewe û xrane jêr karî zoremlê û tometbarkirdinyan be dujminî şorrş û

bekrêgîrawî leşkirî spî. Bedaxewe komunîstekanî xorhellatî nawîn le gerran û lêkollînewe le çonyetî lakewteyî û perawêxran û çekkirdnî sovîyetekan, desepaçe û kllolln ya nadrebestin û be lêkdanewe û pêwerî aydyolocîkî pasawî serkutgerîy û bîrokrasîy û nayeksanî û nadadwerîy û partpaşayî û darayîy dewlletî û karîkrêgirte û hebûnî szay sêdare û karî zoremlê û dezgey sîxurrîy û serûxellkîy û zîndan, dedenewe.

Lay enarkîstekan, leser ew bnemayey brrawayan bewe heye, ke "rizgarî krêkaran berencamî xebatî xudî xoyane", hem rêkxistin asoyî û nanêwendgeraye û hem rêkixrawe û beşekanî rêkxistinî her karxaneyek û pîşeyek û gerrek û şwênêk, serbexoyî xoyan le birryardan û çalakîkirdin û hawpiştîkirdinda heye, bêcge leweş, mangirtnî ktupirr û nayasayî û mangirtnî giştî, şêwazî nasraw û rêsayî [tradîsyonî] xebatî rastewxoy sendîka û rêkixrawe cemawerîye şorrşigêrrekane û kobûnewey giştî berdî bnaxey her çalakî û birryardanêke.

Markisîstekan, pêdagrîy leser pêwîstibûnî dewllet deken û serwerîxwazn, le beramberda enarkîstekan, dewllet be amrazî çînayetî û pêdawîstî hêştnewe û parêzgarîykirdin le komellgey çînayetî dezanin, leberewe djî hemû dewlletêkin benawî krêkaran û soşyalîzmewe, çunke lew birrwayedan, ke komellgey soşyalîstî / enarkî, komellgeyekî naçînayetîy û nadewlletîye û têyda çînêk bo serwerîy namnêtewe, çi krêkaran bedyarîkrawî û çi prrollîtarya begşitî.

Lay markisîstekan, wabesteyî û paşrrewîy rêkixrawe cemawerîy û pîşeyî û abûrîyekan bo partî pêşrrew, mercî karî sertaserîy û karayyane, bo ew mebeste herdem be xotêhellqurtandin û destitêwerdanî rastewxoy endamanî balla û gwêrrayellî part le karubarî rêkixrawe cemawerîyekanda, rêkixrawekan dekene gîrfan û lawrigî part ya dardestî part û wek robot hellyandesûrrênin, lem barewe çi le astî cîhanî û çi le astî nêwxoyî herêmî kurdistan bînerî çendîn ezmûnî têkşikênrawîn, lem barewe baştirîn û nzîktirîn nmûnegelî nasraw le herêmeda "yekêtî bêkaran le kurdistan ", "rêkixrawî serbexoy jnan" û "rêkixrawî şorrşigêrrî xwêndkaran" û rêkixraw û sendîkakanî dîkey krêkaran û karmendanin, ke be destitêwerdan û paşkokirdin û pîlangêrîy komunîste krêkarîyekanî herêm, wek dyarîyek bo borcwazî, lenêwewerra kirmoll û têkşikênran û dergey binkeyan lelayen kesanî xoberraberzanewe qufilldra.

Lay enarkîstekan, yekgirtin û harîkarîy çînayetî rêkixrawe abûrîy û cemawerîyekan le torre komellayetîye sertaserîyekanda leser bnemay serbexoyî [otonomî] rêkixrawe endamekan û hawpiştî berdewam û azadî beşdarîkirdin û nekirdnî çalakîyek, pêkdêt. Wate serbexoyî xocêy û hestî hawderdî û pêdawîstî hawpiştî sertaserîy, cêgey milkeçî bo nêwendgerayî û fermanbirdin bo serwerîy seranî part û sendîka qûkeyyekan, degrêtewe.

Markisîstekan, leser bnemay bawerrbûnyan be pêdawîstî dewllet benawî krêkaranewe, saman û kerestekanî berhemhênan û kerte pîşesazîy û kiştukalîyekan û dahatî komellge dewlletîy dekenewe, leberewe destewdawênî bernamerrêjîy nêwendîyaney abûrî û berhemhênan û dabeşkirdin debnewe û dwacar bixwazn ya na, xobexo ew kare be destebjêrêkî berterîdar û birryarder le serûy komellgewe despêrn û her berhellsitîyek le beramber nerênîyekanî ew bernamerrêjîyeda, be hewll û

pîlanî dje-şorrş tometbardeken û be heman derdî aydyolocyagerîy, pasawî nerênnîyekan dedenewe û lew pênaweşda pêştir serkutêkî rêkixraw benawî "dîktatorî prrollîtarya" amadey bergirtin be hemû narrezayetîyekî berhemhêneran û xwazyaranî xorrêkxistin û xodabeşkirdnî berhemekanyan deken. Lem barewe nmûney zîndûy mêjûyman leberdeste, katêk ke komunîste şurayyekan le kroniştat djî bernamerrêjîy abûrîy û yasa ramyarîyekanî dewlletî bolşevîkî bûnewe û xwazyarî kontrollî krêkarîy û şurayî bûn, ya le okranya enarkîstekan [herewezîye pîşesazîy û kiştkarîyekan] wîstyan le derewey beranamey nêwendsepênrawî bolşevîkekan û serkutgerîyekanî leşkirî sûr û le (san pîterisborg) krêkaran be pêdagrîy leser kontirrollî komîtekanî karxane û xoberêweberayetî krêkarî pêdagrîyankird, krêmlîn fermanî be leşkirî sûr da û dîktatorîy partyan lejêr nawî prolîtarayawe, xistegerr û kuştubrrêkyan berrêxsit, ke hêşta leşkirî spî encamînedabû.

Le beramberda enarkîstekan, pêdagrîy leser nanêwendîy [xocêy û serbexoyî] xoberêweberayetî û birryardan lelayen herewezîye azadekan ya nawçe û herême azade pêkhatuwekan le yekgirtnî fîdrrallîyaney herewezeyyekan, deken, ke lewêda azadî tak le herewezîyekan û azadî herewezîy û komîwnîtîyekan le yekgirtnî fîdrallîyaney nawçe û herêmekanda, bnaxey xoberêweberayetî û xobirryardanin. Bew core ne nêwendî birryardan û ne nêwendî bernamerrêjîy le arada nabin, ewî heye û dyarîkerî rewayetî karekane, pêdawîstîy jyanî tak û herewezîyekan û wellamdaneweyetî be yekêtî azadaney nawçe û herêmekan. Be watayekî dîke, lay markisîstekan ya le ellternatîvî ewanda tak û herewezîy û şurakan milkeçî serewey xoyan [desellatdaran]ni û jyan û dahatûy komellge, hez û awezî çend kesêk dyarîdeken, bellam lay enarkîstekan, ewe azadî tak û herewezîyekan û pêdawîstîyekanî jyanî komîwnîtîyekan û wellamdanewe be hawpiştî û yekêtî azadin, ke drustî û rewayetî be birryarekan deden.

Markisîstekan, leser bnemay nêwendgerayî desellat û bernamerrêjîy abûrîy û yasakan, berrêweberayetî serûxellkîy part û paşrrewanî, soşyalîzmî dewlletî leser modêlî kertî pîşesazîy û kiştukalîy dewlletîy be zoremlêyî beser krêkaran û cutyaran û endamanî komîwnîtîyekanda desepênin û tenanet nmûnesazî kultûrî leser bnemay bîrkirdnewey endamanî birryaderî part û desellat deken û huner û edeb û arezuwekanî tak le qallbdeden. Baştirîn nmûneş karkirdî bolşevîkekan bû, ke xellkyan naçar be beşdarî û bûne endam le herewezîye dewlleteyye sepênrawekanda dekrid, eger kesêk mlî bew projeye nedabaye, ewa dûrixranewe û karî zormilêy û mirdin le sîbirya çawerrêy dekrid.

Bellam enarkîstekan, bepêçewanewe, leser bnemay nanêwendîîwbûnî [otonombûnî] herewezîyekan û azadî tak le beşdarîkirdin û nekirdin le herewezîyekanda, herwezîyekan arezûmendane wek destipêşxerîy xobexşaney komellayetî, tenanet lebarî lawazî take beşdarînekirduwekanda, hawpiştîy mroyî letekyanda deken û komekî komellayetî û hawpiştîy azadane, berdî bnaxey pêkhênanî herewezîye komellayetîyekane, baştirîn nmûne lem barewe, ew herêmaney îspanyan, ke leser bnemay boçûne enarkîyekan rêkdexran, lewane be dyarîkrawîy herêmî’ketelonya’î îspanya le cengî nêwxoyî 1936-1939, ke nek tenya le rûy azadî û abûrîyewe metrisî bûn bo ser desellatî frankoyyekan û komarîyekan, tenanet metrisîş bûn bo ser modîlî

bolşevîkî soşyalîzm [dewlletî benaw soşyalîstî]. Bo têgeyîştin leme, pêwîste le nêwan hengawe kirdeyyekanî bolşevîkekan 1917 – 1989 le rusye letek enarkîyekan 1936 – 1939 îspanya û serencamekanyan, berawirdibkrêt.

## Hellwêstî êwe beramber ayîn û kellçer çîye û çone ?

Ayîn û kultûr, xudî ayîn beşêke le kultûr, bellam beşî negorr û koneparêzî kultûr. Bepêçewanewe beşekanî dîkey kultûr, herdem le gorrandan û ewey lem rojeda kultûrî cêkewteye, rojgarêk bûnî nebuwe. Gorranî kultûr bo kesanêk ke lenêwîda dejîn, wek sûrranewey zewî le dewrî xor waye, ke kemtir ya her hestî pênaken. Bellam bo kesanêk ke le derewey komellgewe têydewanin, ew gorrane hêwaşe zor be aşkra debnînin û baştirîn nmûneş şokî takî koçere le demî gerraneweyda bo nêw bazne kultûrîyekey, ke pêştir têyda jyawe û berradeyek corêkî dîke buwe, ke xudî takî koçer berawrid be komellgey becêhêllraw le manewey ya parastinî beha kultûrîyekanîda koneparêztir mawetewe.

Ewey hellwêstî enarkîstan beramber kultûr çone û pêwîste çon bêt, peywendî be rollî kultûr û hêz û desellatî kultûrewe heye, hellbete ew kesaney ke rwalletîyane le kultûr derrwanin û rollî kultûr le gorranî şorrşigêrraneda kem degrin, têgeyîştinyan le kultûr helle û lingawquce.

Eger bêt û naçarbîn pênaseyek bo kultûr bkeyn, ewa detwanîn bllên kultûr bordî (nexşerrêjî) kesayetî tak û komellge pêkdehênêt û hemû kat morî xoy le reftar û şêwazî bîrkirdnewe û awezî takekan dedat. Hellbete nakrêt eweman lebîrbçêt, ke mrov le ledaykbûnda bêkultûre û ewe dezge û nêwende komellayetîyekan (xêzan, perestge, fêrge, şwênî kar)n, ke deykene bûnewerêkî xawen kultûr, bo nmûne mrovêk ke le henderan ledayk û pewerwerde debêt, kultûrî le kultûrî komellgey lêwehatû naçêt ya ew mindallaney ke le derewey xêzan û komellgekeyan wek mindallî bexêwkraw degîrdirênexo, debne hellgirî kultûrî şwênî gewrebûn û perwerdebûnyan.

Beboçûnî min le komellgeda le derewey kultûr, kesayetî û desellat bûnî nîye û nabêt. Dekrêt to kultûrêkî dîket hebêt, bellam bêcge le mindallî sawa, kesî bêkultûr bûnî nîye, herwek çon kesî bêrruşt bûnî nîye û becorêk le corekan hemû takêk hellgirî kultûr û rewşitêke, leberewe be her corêk djayetî kultûrêk ya rewşitêk bkeyt, dekate ewey ke hellgirî kultûr ya rewşitêkî dîkeyt, bellam lew duwane xallî nabît. Bedaxewe lejêr karayî bîrkirdneweyek ke amancî srrînewey beramberekeyetî, le komellgey êmeda dû wajey nadrust cêkewte bûn; bêferheng [bêkultûr] û bêrrewşit. Ew katey kesêk ke le beşêkî kultûrî zall ya rewşitî baw ladedat, xallî nîye le kultûr û rewşit, bellku berawrid be kultûr û reştî rewabînraw û pesenkraw, xrap ya bed-kultûr û bedrrewişte, bellam hergîz bêkultûr û bêrrewşit nîye û nabêt.

Herweha hîç desellatêk bebê piştîwanî desellatî kultûrî bûnî nîye û twanay xogirtnî nîye, her lebereweye, ke desellatdaran bo manewe û xoparastin û komellayetîybûnewey desellat û ramyarîyan, hana bo piştîwaney kultûrîy deben. Eweş leber dû ho; yekem hêzî kultûr be sruşt koneparêze û duwem, bebê payey kultûrî û pêkhatey quçkeyî kultûrîy, sîstemî quçkeyî twanay

komellayetîymanewey nîye. Leberewe, ewî bixwazêt, sîstemî jyan û berrêweberayetî û mêntallîtî tak û komell bgorrêt, pêwîste kar leser gorrînî bnema û yekey kultûrîy lew bwaraneda bkat, wate hêzî djetewjim le kaye kultûrîyekanda bo berengarî û lenêwbirdnî sîstemî kon û pêkhatey komellgey çînayetî, bewatay pûçkirdnewey bnema kultûrîyekanî xwa-dewllet-parleman. Emeş katêk meyser debêt, ke jyan û komellgey nwê, bûbête beşêk le kultûrî take gorranixwazekan le xebatî rojane û berengarîy her rojeda. Katêk ke hawsengî hêz lenêwan rîsay kultûrî cêkewtû û tewjimî kultûrî nwêda, belay şorrişda deşkêtewe. Hellbete peywendî nêwan karayî tak leser komell û karayî komell leser tak, karayî gorranî abûrîy leser huşyarî tak û karayî huşyarîy tak leser bnema kultûrîyekan, zor dijwar û allozn û hendêk car wek ew metelley lêdêt, ke "hêllke le mrîşke ya mrîşk le hêllkeye". Bellam yek şit nkollîhellnegir û selmêndrawe, ewîş eweye, ke hîç gorranêkî pozetîv ya lawazkirdnêkî desellat û serwerîy bebê gorran û lawazbûnî paye kultûrîyekanyan rûynedawe û herwa hîç gorranêkî kultûrîyş bebê gorranî jêrxan û pêge abûrîyekan, hergîz natwanêt rûbdat.

Leberewe, hemû gorranêkî şorrşigêrrane, gorranêkî fre-rehend debêt û yekêk le rehendekanî, rehendî kultûrîy bzûtnewey şorrşigêrrane û têrranînî şorrşigêrraneye. Dîsanewe weha gorranêk, daxwazîy gorranî yeke wirdekanî kultûrman lêdekat, ke le hellsukewtî rojaney tak û rêkutnî komellayetîy komellda bercestedebin û zor car bo ramyarpîşe xo be şorrşigêrrzanekan, ştî lawekîn ya be "rexney morrallîy pê le asman" nawbrawn.

*************************************************************

Bo xwêndnewey beşî yekem, kirte leser em besterey xwarewe bke
Beşî yekem : http://wp.me/ppHbY-HN
Beşî duwem : http://wp.me/ppHbY-HY
Beşî çwarem : http://wp.me/ppHbY-If